r1:Layout 1  6/11/2011  9:06 PM  Page 1


# ڕەخنەی چاودێر

سەرپەرشتیار:
سامی هادی

٢٦٦

www.cawder.org

ژمارە (٢٦٦) دوو شەممە ٢٠١١/٦/١٣

rexneycawder@yahoo.com

پاشکۆیەکی هەفتانەی ڕەخنەیی ئەدەبی روناکبیرییە




دەقێکی نوێی
بەرزان هەستیار

ژمارەکانی داهاتو

# کەریم دەشتی لەخاکو هەڵۆوە بۆ سەردەرختی خامۆشیی









٢

# کونسوڵی گشتیی فەرەنسا لەکوردستان، مەراسیمێک بۆ دیوانە شیعرێکی کوردی ڕێکدەخات

ئا: هۆگر کەمال

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی پێشانگەی کتێبی لوماغشێ دو لا پۆێزی پاریسیدا، شاعیرو نوسەری کورد نەزەند بەگیخانی لەلایەن دەزگای چاپو پەخشی هارماتان پێشوازی لێکرا بۆ پێشکەشکردنی دیوانی رەنگی خۆڵ بەزمانی فرەنسی.

رەنگی خۆڵ کە دیوانە شیعرێکی هاوبەشی نەزەند بەگیخانیو دلاوەر قەرەداغیە، لەلایەن شوکر بایزەوە بەهاوکاری بێرتراند فۆلی وەرگێڕدراوەو مامۆستای زمانی لاتینی تێری دونوەیل پێیداچۆتەوە. دەزگای چاپو پەخشی هارماتانی فرەنسی لەساڵی ٢٠١١ چاپی کردوە.

دەربارەی هەڵبژاردنی ئەم دیوانەو چاپکردنی، سەرپەرشتیاری بەشی شیعری لەدەزگای چاپو پەخشی هارماتان، خاتو نیکۆڵ بارییر لەلێدوانێکدا وتی: (رەنگی خۆڵ)ی نەزەند بەگیخانیو دلاوەر قەرەداغی گەواهی سوتانو مەینەتییەکانی میللەتی کوردە بۆئەوەی لەبیرنەکرێن، ئەم ئاڵوگۆڕییە شیعرییە ئازاری هەردو شاعیرو دەنگی نەتەوەیەکمان پێدەڵێ لەساتی نائومێدیو پشتگوێخستنی مرۆڤدا، ئالێرەدا رۆحی جاویدانەی شیعرمان بۆ دەردەکەوێ لەگەڵ قەناعەتێک کە هیوا لەلای مرۆڤ دەژیێنێتەوە.

لەم ئێوارەیەدا نەزەند بەگیخانی بەیاوەری یەک لەوەرگێڕانی دیوانەکە، بێرتراند فۆلی بەزمانی کوردیو فەرەنسی بەشێک لەشیعری رەنگی خۆڵیان خوێندەوە و میوانان کە زۆربەیان فەرەنسی بون گفتوگۆیان دەربارەی دیوانەکە بەتایبەتیو شیعری کوردی بەگشتی کرد. شایانی باسە کە چەند شاعیرێکی فەرەنسی هیوای ئەوەیان خواست، کە ئاڵوگۆڕی شیعری لەگەڵ شاعیرانی کوردستان بکەن لەڕێگای وەرگێڕانو گەشتی شیعرییەوە، "چونکە بەداخەوە تا ئەم دواییەش کورد لەپەراوێز نرابون و هیچمان لەسەر نەدەزانین".

نەزەند بەگیخانی لەلێدوانێکیدا بۆ "رەخنەی چاودێر"، وتی: "شیعر ژانرێکی ئەدەبی زاڵە لەلای کوردو لەم سۆنگەیەوە توخمێکی بەهێزە بۆ ناساندنی کولتورو مێژوی کورد بەجیهانی دەرەوە. ئێوارەکە جوانو دەوڵەمەند بو، بەڵام بێ دلاوەری پێوەدیاربو، چونکە رەنگی خۆڵ بەرهەمی منو دلاوەر قەرەداغییە، هەمو دێڕێکی تێکەڵیەکی شیعرییە لەوشەو دەنگو رەنگو ریتمی ئێمە پێکەوە. زۆر بەداخەوە دلاوەری هاوڕێو شاعیر نەیتوانی لەم ئێوارە شیعرەدا بەشداری بکات.

دلاوەری قەرەداغی شاعیریش سەبارەت بەدیوانەکەیانو ئامادەنەبونی لەئێوارە شیعریەکەدا لەپاریس، وتی: "چونە نێوروبەرێکی فراوانترو خۆکردن بو بەفەزایەکی تردا، کە لەوەوبەر ئەزمونیم نەکردبو.. ئەم تێکستە سەرلەنوێ ئیشکردنەوەی منو نەزەند بەگیخانی بو لەشیعرێکی لەوەوبەرمدا، بەڵام دواتر بوە تێکستێکی دی کە بەهیچ جۆرێک لەوەی پێشو نەدەچو، لەم ئەزمونەدا ئەوە فێربوم کە چۆن دەکرێ، دو دەنگ لەتێکستێکدا هاوئاهەنگ بن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا تایبەتمەندیی خۆیان بپارێزن.

قەرەداغی وتیشی زۆر حەزم دەکرد لەرێورەسمی ناساندنی کتێبەکەدا لەپاریس ئامادەبم، بەڵام بەداخەوە بۆم نەکرا... هیوادارم لەکاتو دەرفەتی ئارامترو گونجاوتردا قەرەبوی ئەوە بکەمەوە. بەتایبەتی کە بڕیارە کونسوڵی گشتی فرەنسا لەکوردستان بۆنەیەک بۆ کتێبەکە رێکبخا.

سەرنج: ئەم مەراسیمە رۆژی ٢٠١١/٥/٢٨ لەپاریسی پایتەختی فەرەنسا بەڕێوەچو.

# پۆترێتەکانی بەهجەت عومەر لەساڵیادی فێستیڤاڵی بریتانیادا

ئا: مەریوان جەلال-لەندەن

ساوس بانک سێنتەر (South Bank Centre) لەساڵیادی فێستیڤاڵی بەریتانیادا ئاهەنگێکی سازدا لە٢٢-٤ بۆ ٤-٩-٢٠١١ بەردەوام دەبێت. فێستیڤاڵی بەریتانیا کە لەساڵی ١٩٥١ دا کرایەوە



بۆ ئاهەنگ گێڕان بو بەبۆنەی ١٠٠ سەد ساڵ تێپەربون بەسەر کردنەوەی گەورەترین پیشانگە لەساڵی ١٨٥١

فێستیڤاڵی ساڵی ١٩٥١ هەوڵێک بو بۆ هاندانی باشترین هونەرمەندانی بەریتانی وە کەسانی تەکنەلۆجی لەگەڵ دیزانی پیشەسازی، دوای ئەوەی کە لەشەڕی دوەمی جیهانی دا زۆربەی ئەمانە لەناوچون وە (ساوس بانک سێنتەر Bank Centre South) ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ روداوێکی زۆر گەورەی مەڵبەندەکەی.

ئەم فێستیڤاڵەلەساڵی ١٩٥١ لەم مەڵبەندە کە دەکەوێتە سەر ڕوباری تایمز (River Thames) ئەم شۆێنە بەهۆی بۆمبەکانی شەڕی جیهانی دوەمەوە داڕوخـــاوە دوای دروست کردنەوەی ئەم شوێنە بوە بنکەیەکی گەورە کە هوڵی شاهانە (Festival Hall Royal) وە هۆڵی مەلیکە ئەلیزابێس (Queen Elizabeth hall) وە گەلەری هـــای ورد (Hayward Gallery)، کتێبخانەی شیعرو وە پەیمانگەی فلیمی بەریتانی هەروەها شانۆی نیشتمانی لەخۆ دەگرێت وە لەئێستادا ئەم مەڵبەندە گەورەترین مەڵبەندی هونەرییە لەهەمو بەریتانیادا.

لەم فێستیڤاڵەدا کۆمەڵێک لەهونەرمەندانی بەناوبانگ لەدەرەوەو ناوەوەی گەلەری های ورد(Hayward Gallery) کارەکانیان نمایش کردوە لەوانە هونەرمەندی بەریتانی ترەیســـی ئەمین (Tracey Emin)، هونەرمەندان رۆبەێرت ویلسون(Robert Wilson) پیرەیت تیکنکس (Pirate Techincs) وە مارکوس کوەت(Marcus Coate).

وەلەنێوان ئەم هونەرمەندانەدا کارەکانی هونەرمەندی گەنجی کورد (بەهجەت عومـــەر) شان بەشانی کارەکانی ئەم هونەرمەندانە نمایش کراون لەگەڵ ئەوەی ئەمە هەنگاوێکی زۆر گەورەیە بۆ هونەرمەند (بەهجەت) وە دەرفەتێکی زۆر باشیشە بۆ هونەرمەندێکی کورد کە زۆر ئاسان نیە لەشۆێنیکی وەک گەلەری های ورد (Hayward Gallery) کارەکانی پیشان بدرێت. ئەم گەلەرییە لەساڵی ١٩٦٨ دا کرایەوە کە لەلایەن (and Hill Higgs) کە کۆمپانییەکی بیناسازی گەورە بەریتانیاییەوە دروست کراوە وە بیرۆکەی دیزانەکەشی لەسەر هۆڵی مەلیکە ئلیزابێس وەرگیراوە.

بەهجەت عومەر دەرچوی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانییە لەساڵی ١٩٩٧ وە لەساڵی ٢٠١٠ بڕوانامەی بەکالۆریسی لەزانکۆی ستارففۆردشێر (Staffordshire)لەوڵاتی بەریتانیا بەدەست هێناوە.لەفێستیڤاڵەدا هونەرمەند بەچوار کاری هێڵکاری گەورە بەشداری کردوە وە هونەرمەند بەم شێوەیە لەسەر کارەکانی دەدوێت:

(لەمەنفـــادا ئەمە سەرچاوەی سروشی کارەکانمە.

سروشی کارەکانم سەرچاوەکەی لەوێنەی ناسنامەکەمەوە بۆ دروست بو ئەویش کاتێک کامێرەکەمم وە سکانەرێک بەکارهێنا بۆ گرتنی وێنەیەکی خۆم کە دەبوایە بەکاتێکی زۆر خێراو لەرێگای ئیمەیلەوە ڕەوانەی پارێزەرەکەمی بکەم لەلەندەن، لەبەر ئەوەی دەبوایە زۆر خێراو بەشێوەیەکی زۆر پاک وێنەکانم بگرتایە، بەرێکەوت یەکێک لەوێنەکان لەکاتی گرتنیدا لێڵ دەرچو وە ئەمەش بوە بیرۆکەیەکی خواستراو و زۆر باش بۆ هەمو ئەوکاتانەی کە من لەبەریتانیا ژیاوم وە لەرێگای کارەکانمەوە دەمەوێت بینـــەر سەرنجێک لەئەزمونەکانم وەربگرێت).

هونەرمەند بۆ زیاتر جۆشدانی هێڵەکانی وە بۆئەوەی هەر هێڵێک ببێتە وشەیەک لەگەڵ کارکردنیدا گۆیی بۆ چیرۆکی کەسەکان ڕاگرتوە کە هەریەکەیان (بەخودی هونەرمەندیشەوە) چیرۆکێکی سەرنج ڕاکێشی لەژیانی گێراوەتەوە وە هونەرمەند تەنها بەوەوە نەوەستاوە کە هێلەکان تەنها بەچاو ببینرێن بەڵکو دەنگی خشە خشی هێڵکانی تۆمار کردوە بەتێکەڵاو بون بەدەنگی گێڕەرەوەی چیرۆکەکان وە لەگەڵ هەڵچونی کەسەکاندا هێڵەکانیش هەم ئاهەنگیان وەرگرتوە.

ئەوەی لەم کارانەی بەهجەتدا دەبینرێت تەنها چەند پۆترێتێک نیە کە لەسەردەمی خۆێندنی پەیمانگادا بەرامبەر کەسێک رادەوەستاو وێنەی دەکێشا ئەگەر چی ئەوانە هەموی ئەزمونێکی زۆر چرَوپڕی بەبەهجەت بەخشیوە وە بونەتە بنەمایکی پتەوە بۆ ئەمرۆ بەڵام ئێستا ئەم ئەزمونە لای بەهجەت دەوڵمەندتر بوە وە تێکەڵاو بەهونەری هاوچەرخ کار دەکات. ■



سیروان ئەحمەد

## دەربارەی فەلسەفە

ژمارەکانی داهاتو..




خوێندنەوە بۆ فیلمێکی ئەمەریکی

## میوانەکە



گەروس عەبدولمەلەکیان

## دەقێکی شیعریی نوێ